# نامەیەك بۆ كۆنگرەی پەروەردە

# منالەكانم لەقوتابخانە ترساون



ڕێبین هەردی دەینوسێت

● چەند نیوەڕۆیەكە بەگریان و دنیایەك ترسەوە دێنەوە. كچە بچكۆلەكەم لەكاتێكدا هەڵدەلەرزی دەڵێت چیدی نـــاچمەوە بۆ قوتابخانە. كوڕە بچكۆلەكەشم ڕقی لە قوتابخانە هەڵساوە و هەر بیر لە ڕۆژی پشودان دەكاتەوە. بەیانی ئەو ڕۆژەی بەگریان هاتبونە ماڵەوە، كوڕە بچوكەكەم خۆی كردبوو بەنەخۆش و گەڕایەوە. دوایی زانیم كە ترس لە مامۆستا و توڕەبونەكانی توشی سەرێشەی كردووە. منالەكانم لە قوتابخانە ترساوون و حەزی لێناكەن. وەك هەر باوكێك هەوڵدەدەم حـەزی قوتابخانـەیان تیا دروسـتبكەم و بەزمانێكی منالانە سودەكانی خوێندنیان بۆ شەرحبكەم. بەلام ئەوان هەر خەیالیان لای توڕەیی مامۆستایە. بۆ ئەوان قوتابخانە خەریكە دەبێتە جێگەیەك بۆ سزادان نەك فێربوون. هەرجارە و شتێك و چیرۆكێكم لە ناهەقیەكانی هەندێك مامۆستا بۆ دەگێڕنەوە. دیارە دەزانم لەهەندێكیانـدا ڕاسـت ناكـەن و لەهەنـدێكی دیـدا ڕاست. دەزانم تەنها نیوەی ڕوداوەكەم بۆ دەگێڕنەوە. توڕەبوونی مامۆستا و جنێوەكانی و هەندێكجاریش لێدان. بەلام كە لێیان دەپرسـم ئێـوە چـیتان كـردووە هەموو ڕاستیم پێنالێن. دەترسن منیش وەك مامۆستاكەیان هەمان كاردانەوەم هـەبێت. منالـەكان لـە قوتابخانـە بەشـێوەیەك ترسـاوون كـە كچـەكەمی ئەوەنـدە وەسواسكردووە واجبێك چەندجارێك دەنوسێتەوە. گەر پەڕەكەشی نوقتە یان خەتێكی بەرێكـەوتی تیـا دروسـتبێت دەسـتدەكات بـەگریان. دەترسـێت بـەیانی مامۆستا لەسەر ئەو هێڵ و نوقتەیە لێی توڕەبێت.

كوڕەكەم بزێوە و زۆریش قسەدەكات. دەزانم مامۆستا بەدەستیەوە ماندوو دەبێت. هەموو جارێك هەوڵدەدەم مامۆستاكە ڕاست دەربێنم و پێی بلێـم لـە وانەكانـدا قسە نەكات و لەكاتی پشودانیشدا هاروهاجی نەكات و شەڕ لەگەڵ كەس نەكات. وانەكانی باش بخوێنێت و زیرەك بێت. بەلام ئەو ڕۆژە كە هاتـەوەو پێیگـوتم مامۆستا پێی گوتووم "بێشەرەف" نەمزانی چی پێبلێم. حالٚ لە دوو حالٚ بەدەر نیە یان دەبێ ئەمجارەش بلێم مامۆستا ڕاستدەكات و تۆ هاریت یان ئەوەتا مامۆستا هەڵەی كردووە و نابێت وابلێت. گەر ڕێگەی یەكەم بگرم منالەكە فێردەكەم جاری دیش قبوڵی سوكایەتیكردن بكات و ئەمەی لا ببێتە شـتێكی ئاسـایی. یـان ئەوەتا دەلێم مامۆستاكەت هەڵەیە و نابێت قبوڵیبكەیت كەس وات پێبلێت كەئەمیشیان هەر دەرئەنجامی لەوی دیـان باشـتر نابێـت. دەی گـەر خـۆم بچـم بـۆ قوتابخانە و بەمامۆستاكە بلێم ئامادە نیم شتی لەمجۆرە بە منالەكەم بگوترێت چی ڕوودەدات؟ ئایا مامۆستاكە گوێم لێدەگرێت یان دەیكات بـەڕقێكی گـەورە لـە منالەكان و دواتر بەشێوەی تر هەقیان لێدەكاتەوە؟ حالەتی دوهەم ڕەنگە زۆرتر ڕوبدات. هاوڕێیەكم داوام لێدەكات شكات لەو مامۆستایە بكەم و منیش دەزانم دەتوانم ئەوكارە بكەم و كێشەكەش بگەیەنمە گەورەترین دەسەلاتی ئەم بوارە. دەزانم یاساگەلێكیش هەن لە بەرژەوەندی من دەبن، بەلام ئایا ئەمە هەموو شتێكە؟ ئایا كێشەكە بەمشێوەیە چارەسەر دەكرێت؟ ئایا مامۆستا خۆشی قوربانیەك نیە لەناو سیستەمێكی پڕ هەڵەی خوێندندا؟ چی وا لـە مامۆستایەك دەكات تەحەمولی بپچڕێت و قبوڵی كەمێك هاروهاجی منالەكانمان نەكات و گەر توڕەش بوو وشەی نەرمتر لەوەی بە منالەكەی من وتراوە بەكاربهێنێت؟ وشەیەك ڕێز لە منالاندا دروستبكات، نەك لە منالیەوە فێری بێڕێزیان بكات.

ئەمرۆ كە قسە لە كۆنگرەی پەروەردە دەكرێت، ئایا هیچ یەك لەمانە دەخرێتە بەرباس؟

ئایا باسی ئەوە دەكەن كە پەروەردە و خوێندن تەنها لەبەركردنی كۆمەڵێك وانە نیە بەزۆر؟ چی بكرێت بۆئەوەی مامۆستا بتوانێت خـۆی تـەرخانبكات و ڕادەی تەحەمولی بچێتە سەرەوە؟ گومان دەكەم. كونگرە دەشێت پێشنیاری هەندێك گۆڕانكاری لە مادەكانی خوێندندا بكات، دەشێت دەستكاری هەندێك پرۆگرام و بەرنامە بكات، بەلام پێناچێت بەم زوانە لەو مامۆستایانە ڕزگارمان بێت كە منالانمان لە خوێندن دەترسـێنن و دەتـۆرێنن، نـەك لـەبەرئـەوەی مامۆسـتاكانی ئێمـە بێویژدانن و كاری خۆیان نازانن، بەلكو لەبەرئەوەی لە سیستەمێكی كاركردنی تاقەت پرۆكێندا كار دەكەن كە لایەنیكـەمی بـژێوییان بـۆ دابینـدەكات. ئـەوان دەبێت ڕۆژانە زیاد لە پێنج شەش وانە بلێنەوە لە ژورێكدا كە پتر لە 30 تا 40 خوێندكاری تیدایە. فەزای قوتابخانە كە لەسەردەمی بەعسەوە خالیە لە باخچە و پتر لەسەر شكلی زیندان دروستكراوە، لایەنیكەمی ئارامی و هێمنی نەك هەر بۆ خوێندكار، بەلكو بۆ مامۆستاش دروستناكات. بەجدی وەرنەگرتنی وانەكانی وەرزش و مۆسیقا و وێنە كە فەزایەكی گەمەكردن لەقوتابخانەدا بۆ منالان دروستدەكات، زیاتر قوتابخانەی لە زیندان نزیككردۆتەوە.

بەلام هۆیەك هەیە كە لەهەموو ئەمانە لەپێشتر و گرنگترە ئەویش نەبوونی دادپەروریـە لـە سیسـتەمی پـەروەردە خۆیـدا كـە بەشـێوەیەكی زۆر ڕاشـكاوانە تـا هەنوكەش حیزبە سیاسیە بالادەستەكان پۆستەكانیان بۆ خۆیان و لایەنگرانیان مسۆگەر كردووە. هەموو ئەو لاوازیەی مامۆستا لەبەردەم ماشێنی حیزبـدا هەسـتی پێدەكات و ئەو نادادپەروەیانەی دەرەقەتیان نایەت، توڕەیی و بێزاریەكی بێدەسەلاتانەی تیا دروستدەكەن كە بەسەر خوێندكارانـدا دەتەقێتـەوە. لـە سیسـتەمێكی سیاسی و كۆمەلایتیدا كە كەرامەت و مافی گەورەكانی بەئاسانی تیا پێشێلدەكرێت، منالان لە گشت كەسێك زیاتر باجەكەی دەدەن. ئەوەی گەورەكان نـاتوانن لەبواری گشتیدا و لەمافی خۆیاندا بەدەستی بێنن، لە بواری ئازادی و ڕێزگرتنی منالان كەمدەكاتەوە.